# دەشتی هەولێر بەپێی پێ



## قایمقامی دەشتی هەولێر:

## لە١٢٪ی بودجەی پارێزگای هەولێر بۆ قەزاکەمانە، بەڵام وەزارەتەکان کەمتەرخەم بوون

قەزای دەشتی هەولێر کە شارۆچکەی بنەسڵاوە ناوەندە ئیدارەکەیەتی و ناحیەکانی (کەسنەزان و دارەتوو قوشتەپە)و ١٠ کۆمەڵگاو نزیکەی ١٠٠ گوند لەخۆدەگرێت، ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە ٢٢٠ هەزار کەسەو ڕووبەرێکی فراوانی دەشتایی تێدایە، لەگەڵ بوونی ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتووان تادێت داواکاری و ڕەخنەی هاووڵاتیان لەسەر نزمی ئاستی پێشکەشکردنی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان ڕوو لە زیادبووندایە، بەتایبەتی لەقەزایەکدا کە لەبنەڕەتدا دوای پرۆسەی تەرحیل و ڕاگواستنی خەڵکی کەرکوك و گوندنشینەکان بەشێوەیەکی بێ سەروبەر و بێ خزمەتگوزاری فراوان بووە، کاتێك وەك تیمی گوڵان سەردانی ئەم ناوچەیەمان کردوو لەناوەندی ئیدارەکەو لەهەردوو ناحیەی دارەتوو قوشتەپەدا چەند گەڕەکێکمان بەسەرکردەوەو چەند هاووڵاتیەکمان دواند کە پێیان وابوو گەرچی لەم چەند ساڵەی رابردوودا لێرەو لەوێ چەند پڕۆژەیەك ئەنجام دراوە، بەڵام ئەو پڕۆژەو کارانە لەگەڵ داواکاری و خواستی هاووڵاتیاندا ناگونجێت، بگرە بوارەکانی پەروەردەو تەندروستی و خزمەتگوزارییە گشتیەکانی شارەوانی چەندین کەموکورتی تێدایە.



# ویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە



**هاووڵاتیان:**

**کەموکوڕی لە خزمەتگوزاریدا هەیەو بەپێی پێویستیش پڕۆژەکان جێبەجێ ناکرێن**

**٤٦ بینایە بۆ قوتابخانە بەکرێ گیراوە**

**سووتاندنی زبڵ و خاشاک هاووڵاتیانی بێزار کردووە**

**ژمارەیەکی زۆری زەوی و خانووی بێ تاپۆ هەیە**







## خراپی خزمەتگوزارییەکان

لەگەڕەکی گوڵان و بلۆکی ٢١و٢٧ چەند هاووڵاتیەکمان دواند، هاووڵاتی کارزان کەریم سەبارەت بەخراپی کۆڵان و شەقامەکان و دواکەوتنی پڕۆژەکان وتی: لەبنەسڵاوە زۆربەی ئەو گەڕەکانەی نوێن شەقامەکانی قیرتاوو کۆنکرێت نین، لێرەو لەوێ چەند پڕۆژەیەکی قیرتاوکردنی شەقامەکان بەڕێوە دەچێت، بەڵام وەکو ئەم شەقامەی گەڕەکەکەمان کە بەڵێندەر بەئارەزووی خۆی کاری لەسەر دەکات جاری وا هەیە بەهەفتە نایەت مشووری بخوات.

هەر سەبارەت بەدواکەوتنی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بەختیار عەبدوڵڵا وتی ماوەی زیاتر لە مانگێکە ئاوی خواردنەوەمان تێکەڵ بەچڵکاوو پیسایی بووە، چونکە پڕۆژەکان زۆر بەخراپی بەڕێوەدەچن، لەناحیەی قوشتەپەش هاووڵاتی کامەران عوسمان سەرەڕای گلەییەکی زۆر لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری ئاماژەی بەدیاردەیەکی تریش کرد ئەویش بێسەروبەری کاری بەڵێندەرەکانە کاتێك زێرابێك دەکەن دواتر ناچن شەقامەکە قیرتاو بکەنەوە بەڵکو بە کۆنکرێتێکی لاواز شەقامەکە چاك دەکەنەوە، هاووڵاتی سوعاد قادریش هەمان بۆچوونی هەبوو بەوەی ماوەیەکی زۆرە ئاوی خاوێن تێکەڵ بە ئاوی چڵکاوو پیس بووەو زیانی بەتەندروستی منداڵەکانیشی گەیاندووە.

لەلایەکی ترەوە لەوگەڕەکەی ناسراوە بە گەڕەکەکانەی ئێرانیەکان و کرێچییان و گوڵان، گرفتی خزمەتگوزاری شەقامەکانیان هەیە لەم بارەیەوە هاووڵاتی ئازاد عەزیز وتی (ئەم گەڕەکە نوێیانە کە هەندێکی قەرەبوون و خزمەتگوزاری ئاوو کارەبای بۆ ڕاکێشراوە بەڵام شەقام و کۆڵانەکانی بێسەروبەرەن و لەرۆژانی باراندا بەزەحمەت دەتوانین هاتوچۆی لێکەین) لەگەڕەکی نەورۆزیش هاووڵاتی زوبێدە مەعروف وتی دواکەوتنی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بەیەکێك لەو گرفت و کێشە سەرەکییانە دادەنرێت کە هاووڵاتیانی بنەسڵاوە پێوەی گیرۆدەی بوون.

لەقەزای دەشتی هەولێر جگە لەکەموکوڕی پڕۆژەکانی شارەوانی هاوکات تاپۆ نەکردنی زەوی و خانووەکانیش بۆتە خەمێکی تری هاووڵاتیان.

هاووڵاتی عەلی محەمەد وتی (خەڵکی بەگشتی لەبنەسڵاوەو تەواوی قەزای دەشتی هەولێر ئاستی داهاتی نزمەو هەژارن لەتوانایاندا نییە خانوو دروست بکەن کەچی شارەوانی بڕیاری دەرکردووە کە نابێت لەسەر زەوی ١٠٠ مەتری خانوو دروست بکرێت یا تاپۆنەکردنی ئەو هەموو زەوی و خانووەی لەسنوورەکەدا هەیە هاوڵاتیانی بێبەش کردووە لەسوود وەرگرتن لە پێشینەی خانووبەرە) هاووڵاتی ئەحمەد حەمیدیش باسی لەگرفتی دابەشبوونی زەوی کردوو وتی: پێویستە لەکاتی دابەشکردنی زەویدا ڕەچاوی دادپەروەری بکرێت و واسیتەو مەحسوبیەتی تێ نەکەوێت، لەلایەکی دیکەوە ئەمڕۆ لەبنەسڵاوە گرفتی کرێچێتی زۆرەو پێویستە زەوی تر دابەش بکرێت تاوەکو ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت.

بوونی گرفتی زبڵ و خاشاك و نەبوونی ئاوەڕۆ حاڵەتێکی خراپی ناتەندروستی دروستکردووە، لەمبارەیەوە فەرمان جەواد لە قوشتەپە وتی (ماوەیەکی زۆرە پڕۆژەی ئاوەڕۆی قوشتەپە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە بەڵام زۆر بەخاویی جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش بۆتە هۆی تێکچوونی تۆڕی ئاوی خواردنەوەشمان و ئاوی خاوێن تێکەڵ بە زێرابی ماڵان بووە) لەناحیەی دارەتووش هاووڵاتی نوعمان عوسمان وتی: گەورەترین کێشەی دارەتوو نەبوونی ئاوەڕۆیە، داواکارین لەحکومەتی هەرێمی کوردستان مشورێکی ئاوەڕۆو خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی شارەوانیمان بۆ بخوات). سەبارەت بە زبڵ و خاشاك هێرش عەلی وتی داواکارین حکومەت مشورێکی پاکوخاوێنی شارەکەو فڕێدانی زبڵ و خاشاکمان بۆ بخوات، قوشتەپە بۆتە گوندێکی گەورەو بێ خزمەتگوزارییە.

هەر لەقوشتەپەش بەشێك لەهاووڵاتیان باسی گرفتی تاپۆنەکردنی خانووەکانیان کرد ڕەشاد ئەمین پێی وابوو ناکرێت دوای ئەو هەموو ساڵەی حوکمڕانی هێشتا هاووڵاتی لەخانووی بێ تاپۆکەیدا بژی. جگە لەگرفتەکانی نزمی ئاستی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی، کەرتی پەروەردەش بێ گرفت نییە، قوتابی محەمەد نورەدین ئاماژەی بەوە کرد قوتابخانەکانی بنەسڵاوە سێ دەوامی تێدایە، هاوکات وتیشی نەبوونی شوێنی حەوانەوەو خوێندنەوە گەورەترین گرفتە بۆ گەنجەکان، تەنانەت ئەو کتێبخانەیەی لەبنەسڵاوە هەیە هۆڵەکەی بچووکەو زۆربەی جاریش داخراوە. گەرچی لەبنەسڵاوە بڕیاری دروستکردنی پارکێکی گەورە دراوەو چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە بەڵام شارەکە بێ سەوزایی و پاخچەیە تەنانەت باخچەی نەمران کە کەوتۆتە ناوسەنتەری قەزاکەوە فەرامۆشکراوە هاووڵاتی موحسین قادر لەبەردەم ئەو باخچەیەدا پێی وتی (باخچەی نەمران چەندین ساڵە فەرامۆش کراوەو بێ سەروبەرە، نازانم شارەوانی بۆ مشورێکی ناخوات، چەند یارییەکی بۆ منداڵان تێدا دابنێت.

هەر سەبارەت بەکەرتی پەروەردە قوتابی ئەحمەد ڕەسول وتی: (نەبوونی مامۆستاو نزمی ئاستی ئەدای پسپۆرایەتی مامۆستایان و قەرەباڵغی پۆلەکان گرفتی زۆربەی قوتابخانەکانی دەشتی هەولێرە، بەتایبەتی بۆ ئێمە کەوەکو قوتابی پۆلی شەشەمین و ٤٠ قوتابی لەپۆلێکداین. ئەم زستانەش سۆپایەك لەپۆلەکەماندا دانەگیرساوە)، لەبواری کەرتی تەندروستیش گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆر هەبوو بەتایبەتی لەبواری نەبوونی نەخۆشخانەی گەورەو نەبوونی دەرمان و خراپی پشکنین هەروەکو هاووڵاتی ڕەمەزان ئیسماعیل پێی وتین نەخۆشخانەکە دەرمانی نییەو دەبێت لەدەرەوە بیکڕن و گەر هاووڵاتیەك نەشتەرگەرییەکی بچووکیشی هەبێت لەم بنکە تەندروستیە بچوکانە ئەنجام نادرێت.

**کەسانی بەرپرس**
**لەپشت زێدەڕۆیی و**
**فرۆشتنی زەوی حکومی و**
**بەردەڵان و کشتوکاڵییەوەن**



**بۆ بەدواداچوون لەسەر گلەیی و داواکاریی خەڵکی سنووری ئیدارەی دەشتی هەولێر بەتایبەتی شارۆچکەی بنەسڵاوە، چەندین پرسیارمان ڕووبەڕووی حوسێن کەلاری قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر کردەوە کە پوختەی وەڵامەکانی لێرەدا بڵاودەکەینەوە.**

### وەزارەتەکان ڕوویان لەدەشتی هەولێر نەکردووە

قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر بەهەمان شێوە ئەویش هاوڕابوو لەگەڵ داواکاری هاووڵاتیان بەوەی قەزاکەیان پێویستی بە پڕۆژەی خزمەتگوزاری هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کارو پڕۆژە بەپێی ئیمکانات پێشکەش کراوە، بەپێی وتەی حوسێن کەلاری هەرکەس بەپێی بەرەی خۆی پێ ڕادەکێشێت لەمبارەیەوە وتی: هەر لە بڕیاری بوون بەقەزای دەشتی هەولێرەوە تا ئەمڕۆ بەپێی توانای بەردەست چەندین پڕۆژەو خزمەتگوزاری ئاوو ئاوەڕۆو شەقام پێشکەش هاووڵاتیان کراوە، ئەمە جگە لەدروستکردنی چەندین قوتابخانەو پڕۆژەی گشتی تر، بۆ ئەم مەبستەش هەموو ساڵێك لە١٢٪ی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر بۆ دەشتی هەولێر خەرج کراوە، واتا بەشی هەرە زۆری پڕۆژەو کارە خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگای ئەو بودجەیەی پارێزگاوە بووە، بەپێچەوانەشەوە وەزارەتەکان کەمتەرخەم بوون و نەتوانراوە بەپێی پێویست سەرمایەگوزاریەکی باش بکەن و کارو پڕۆژەکانیان بەرەو دەشتی هەولێر ئاڕاستە بکەن. لەلایەکی ترەوە سنووری ئیدارەی ئێمە جگە لە ناحیەی قوشتەپە قەزاکەمان چووەتە ناو ماستەرپلانی شاری هەولێرەوە، واتا ئێمە لەساڵی رابردووەوە هەرچیمان کردووە لەچوارچێوەی

**بەشی هەرە زۆری قەزاکە دەکەوێتە ناو ماستەرپلانی هەولێرەوە**

ماستەرپلانی شاری هەولێر بووە، ئەمەش واقیعێك دەهێنێتە پێشەوە کە لەرووی ژمارەوە ژمارەی یەکە کارگێڕییەکان پێویستە فراوان بکرێت.

### کەموکوڕی لەجێبەجێکردنی پڕۆژەکان دا

سەبارەت بەکەموکوڕیی دواکەوتنی هەندێك پڕۆژەی شارەوانی کە هاووڵاتیان رەخنەو گلەییان هەبوو، قایمقامی دەشتی هەولێر وتی: لەبەر دوو هۆکار زۆرجار پڕۆژە هەیە رادەوەستێت، لەلایەك تاقیگەی بیناسازی هەولێر کە تەنیا یەك تاقیگەیەو بۆ هەموو هەولێرو دەوروبەری تەرخانکراوە کاتێك ئەو کەرەستانەی کە بەڵێندەر لە پڕۆژەکەیدا بەکاری دەهێنێت ماوەیەکی پێ دەچێت تاوەکو لەتاقیگە دەرئەنجامەکەی تەواو دەبێت، هەروەها زۆربەی جار پڕۆژەکان دەکەونە وەرزی زستانەوەو لەکاتی بارانبارین بەناچاری ناتوانرێت کار بکرێت، ئەوەی تایبەتیش بێت بەچاودێری جێبەجێکردنی پڕۆژەکان، ئێمە ناڵێین کەمتەرخەمی نەبووە لەهەموو شوێن و پڕۆژەیەك بەرێژەی جیاواز کەموکوڕی هەبووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم ڕێژەی کەموکوڕییەکان لەپڕۆژەکانی دەشتی هەولێر نەگەیشتۆتە لە ٥٪ .

### پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی

گەر بمانەوێت هەموو داواکاری و پێداویستیەکانی هاووڵاتیان جێبەجێ بکەین پێویستمان بە دوو هێندە بودجە هەیە، بەهۆی فراوانبوونی خێراو ئەو زیادبوونەی ژمارەی دانیشتووان و ئەو بودجەیەی بۆ دەشتی هەولێر تەرخان دەکرێت کەمەو بەشی هەموو پێداویستیەکان ناکات، لەلایەکی ترەوە بۆ نموونە گەڕەکی گوڵان بارودۆخی باشترە لەگەڕەکێك کە تازە دروست بوبێت، لەدارەتووش رەنگە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی لە گەڕەکی دارەتووی نوێ و لەگەڕەکی ژیان باشتر بێت، چونکە دووەمیان گەڕەکێکی نوێیە، ئێمە نەهاتووین لەسەر حسابی ئەم گەڕەکە گەڕەکێکی تر فەرامۆش بکەین بەڵام بەو تواناو ڕیزبەندییەی کە ڕەچاوی پێداویستیە سەرەکیەکان و کۆنی و تازەیی گەڕەکەکان کراوە، بەڵام جیاوازی و نادادپەروەری لە پێشکەشکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دوورە لە راستیەوە، لێرەدا داوا لەسەرجەم هاووڵاتیان دەکەم هەرکەسێك گلەیی و رەخنەو بۆچوونێکی هەیە با ڕووبەڕوو سەردانی قایمقامیەت بکەن تا وەڵامیان دەدرێتەوە، جێبەجێکردنی پڕۆژەدا رەچاوی ڕیزبەندی و لایەنی زانستی و پێداویستی سەرەکی هاووڵاتیان دەکرێت بۆ نموونە ناکرێت لە کۆڵانێکدا شەقام دروست بکەین و ئاوەڕۆ و ئاوی خواردنەوەی باش نەبێت یا بۆی دانەنرابێت پێویستە پڕۆژەکان ڕیزبەندی لە جێبەجێکردنیدا هەبێت.

### بێ سەروبەری پڕۆژەکانی وەبەرهێنان

لەسنووری قەزای دەشتی هەولێر ژمارەیەکی یەکجار زۆر پڕۆژەی نیشتەجێبوون لەقۆناغی جێبەجێکردندان، لەمبارەیەوە قایمقامی دەشتی هەولێر وتی: کاتی خۆی دەستەی وەبەرهێنان بەبێ بەرنامە ڕێگایان داوە کۆمەڵە کەسێك بەناوی وەبەرهێنەر ژمارەیەك کۆمەڵگای نیشتەجێبوون دروست بکەن بێ ئەوەی بگەڕێنەوە رای یەکە ئیدارییەکە وەربگرن، بێ ئەوەی بزانن چۆن و لەکوێ ئەو پڕۆژانە ئەنجام بدرێت و تاچەند لەتوانادا هەیە پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ رابکێشرێت، تەنیا کۆمەڵە کەسانێك راستەوخۆ بێ گەڕانەوە بۆ ڕای هیچ کەسێك، تاکلایەنانە بڕیاریان داوە، دەرئەنجامەکەشی جوانترین بەڵگەیە لەبری ئەوەی گرفتی نیشتەجێبوون

**دەستەی وەبەرهێنان بەبێ بەرنامە لەسنوورەکەدا کاری کردووە.**

## گەر بمانەوێت هەموو داواکاری و پێداویستیەکانی هاووڵاتیان جێبەجێ بکەین پێویستمان بە دوو هێندەی بودجەی ئێستا هەیە

لەلای هەژارو کەم دەرامەت و کرێچی چارەسەر بکەن، خانووەکان چەندین دەستی کردووەو نرخەکانی زۆر بەرز بوونەتەوە، تەنانەت بۆتە هۆکارێك بۆ دەوڵەمەندبوونی خێرای ئەو وەبەرهێنەرانەو ئەرکێکی زیاتریشی خستۆتە سەر یەکەی ئیدارەی دەشتی هەولێر، ئێستاکە بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنانی هەولێر دامەزراوەو بڕیاریان داوە بێ وەرگرتنی ڕای ئێمە ڕووبەری زەوی تەرخان نەکرێت، بڕوا بکەن وەبەرهێنەر هەیە هێشتا بلۆکێکی بۆ خانووەکەی دانەناوە کەچی تەواوی یەکە نیشتەجێبوونەکەی فرۆشتووە. بێ سەروبەری ئەم یەکە نیشتەجێبوونانە لەوەدایە هیچ ڕەچاوێکی خزمەتگوزاریەکانی ئاوو کارەبا و قوتابخانەو تەندروستی لەم ناوچەیە نەکراوەو لەگەڵ تەواوبوونیشیدا پێویستمان بەفراوانکردنی یەکە خزمەتگوزاریەکان هەیە، ئەو هەموو پڕۆژەی نیشتەجێبوونە لەسنوورماندا هەیە کەچی قوتابخانەیەك لەلایەن ئەو وەبەرهێنەرانەوە دروست نەکراوە، ناچار لەناو کۆمەڵگایانە خانوومان بەکرێ گرتووە تا پرۆسەی خوێندن لەناوچەکەدا پەکی نەکەوێت.

### کەمی بینایەی قوتابخانەکان و گرفتی پرۆسەی خوێندن

سەبارەت بەکەموکوڕی بینایەو قەرەباڵغی ناو پۆلەکان قایمقامی دەشتی هەولێر وتی: نەبوونی بینایە بۆ قوتابخانەکان بەیەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی قەزاکەمان دادەنرێت کە بەهۆی فراوانبوونی ژمارەی دانیشتووانەوە دوو و سێ دەوامی هەیەو ناو پۆلەکانیش قەرەباڵغیەکی زۆری تێدایە، ئێستاکە ٤٦ بینایە بۆ قوتابخانە لەسنووری پەروەردەی دەشتی هەولێر بەکرێ گیراوە. قەرەباڵغی ناو پۆلەکان کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر دابەزینی ئاستی خوێندن هەیە، پێش مانگێك جەنابی وەزیری پەروەردە لەگەڵ پارێزگاری هەولێر سەردانی قەزاکەمانیان کردوو ١٠ بینایەی قوتابخانەیان بۆ کردینەوە، بەڵام هەر بەمە کێشەکەمان چارەسەر نەبوو هەربۆیە وەزیری پەروەردە ئاگادار کراوەتەوە کە ناوچەکە پێویستی بە هەڵمەتێکی فراوان هەیە و بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستمانە وا دەردەخەن ژمارەی قوتابیان زۆر لەوە زیاتر دەبێت و لەم حاڵەتەش دا پێویستمان بە بینایەی قوتابخانەی تر هەیە. لەلایەکی ترەوە ئێمە توانیومانە نەوت و سوپا بەسەر قوتابخانەکاندا دابەش بکەین ڕەنگە لەهەندێك قوتابخانەی نوێ وەکو پێویست نەبووەو لەڕووی ژمارەی سوپاکانەوە کەموکوڕی هەبووە، بەڵام نەبۆتە گرفتێکی گەورەو لەلایەن پەروەردەشەوە ئەم گلەییەمان پێنەگەیشتووە.

### دەشتی هەولێر پێویستی نەخۆشخانەیەك هەیە

سەبارەت بەگرفتی تەندروستی قایمقامی دەشتی هەولێر وتی: بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕی بواری تەندروستی داوای نەخۆشخانەیەکی ٥٠ قەرەوێڵەیمان کردووە و بڕیاربوو لەپلانی ئەمساڵدا ئەو نەخۆشخانە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە بەڵام تا ئێستا بڕیار نەدراوە، گەربێت و ئەم نەخۆشخانەیە دروست بکرێت بۆ شاری هەولێریش سوودی هەیەو قورسایی لەسەر نەخۆشخانەکان کەم دەبێتەوەو هاتوچۆو دووری ڕێگاوبانیش لەسەر هاووڵاتی کەم دەبێتەوە، مەسەلەی دەرمان زۆرجار بۆ نەبوونی ڕۆشنبیری تەندروستی دەگەڕێتەوە کە وا فێربووین زۆرترین دەرمان بۆ نەخۆش بنووسرێت، من ناڵێم مەسەلەکانی کوالێتی دەرمان و بوونی ئامێری پێشکەوتوو گرفت نییە بەڵکو ئەم کێشەیە گشتییەو لەبنکە تەندروستیەکان ئەو ئامێرو کەلوپەلە پێشکەوتووە تەندروستیە بوونی نییە.

## بێ سەروبەری پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونە وایان کردووە خانووی خەڵکی بۆ قوتابخانە بەکرێ بگرین

### دوو سایتی نێوان بنەسڵاوەو دارەتوو کەسنەزان

سەبارەت بەو ڕێگا خراپەی کە زۆربەی ناوەندی قەزاکە بەناحیەکانەوە دەبەستێتەوە قایمقامی دەشتی هەولێر وتی: بەو پێیەی داخڵی ماستەرپلان بووین و بەپێی ماستەرپلان دەتوانین ئیشوکارەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین، هەربۆیە بەپێی ئەو ماستەرپلانە زۆر لەو کێشانەی ڕێگاوبانمان چارەسەر دەبێت، بەپێی ماستەرپلانی هەولێر دوو سایدێکمان دەبێت لەنێوان بنەسڵاوەو دارەتوو، تەنانەت دووسایتی نێوان کەسنەزان بنەسڵاوە لەسەر دوو سایتی ١٥٠ مەتری دەبێت و لەخوارەوەی کۆمەڵگای لاوانیش دوو سایتێکی ٦٠ مەتریمان دەبێت و لەنێوان بنەسڵاوەو دارەتووش ٦٠ مەتریەکی ترمان هەیەو لەداهاتوودا جێبەجێ دەکرێت.

### سوتانی زبڵ و خاشاك

کاتێك بەناو ناوەندی قەزاکەو سەر ڕێگا سەرەکیەکانی نێوان بنەسڵاوەو دارەتوو تێپەڕ دەبیت، دیمەنی سووتانی زبڵ و خاشاك بۆتە دیاردەیەکی ڕۆژانەو تەنانەت لەناحیەی دارەتوو لە نزیك ماڵەکان زبڵ و خاشاکێکی زۆر فڕێدراوە، قایمقامی دەشتی هەولێر سەبارەت بەم گرفتە وتی: پێشتر پاککردنەوەی شاری هەولێر درابووە بەڵێندەرێك بەڵام دەرکەوت کە ئەو بەڵێندەرە سەرکەوتوو نەبوو، لەم دواییەدا سنووری هەر ٦ شارەوانی بەو بەشانەی ئێمەوە کە داخڵی ماستەرپلان بوون، دراوەتە بەڵێندەرێك کە بڕیارە لە ١ی نیسانی ئەمساڵەوە دەستبەکاربێت. گرفتەکە لەوەدایە کە هێشتا





**داوامانکردووە چەند بەربەستێکی بچووك بۆ گلدانەوەی ئاوی باران دروست بکەن**

نەمانتوانیوە بەشێوەیەکی زانستی لەو زبڵ و خاشاکە رزگارمان بێت، گەرچی وەزارەتی شارەوانی چەند گرێبەستێکی بۆ دامەزراندنی کارگەی ریسایکلین کردووە، بەڵام تا ئێستا ئەو کەسانەی کە تەرخانکراوە بۆ ئەم کارە هیچیان نەکردووە، هەرچەندە جێگاشمان تەرخانکردووە بۆ دامەزرانی کارگەی ریسایکلین. لەلایەکی ترەوە ژمارەی کرێکارو ئامێرەکانی شارەوانی گەر بەراورد بکرێت بەو هەموو ماڵ و خێزانانە زۆر کەمەو، بەشی پاککردنەوەی شارەکەش ناکات، هەر ئەمەشە وایکردووە نەتوانراوە لەگرفتی سووتاندنی زبڵ و خاشاکەکان دەربازمان بێت و لەنزیك ناحیەو کۆمەڵگاکان هەموو ئەو پاشماوەو زبڵ و خاشاکە فڕێبدرێت و تەنانەت نەشمانتوانیوە دووری بخەینەوە.

### کێشەی تاپۆو زێدەڕۆیی

سەبارەت بەتاپۆنەکردنی خانووەکان و گرفتی زەویو زارو زێدەڕۆیی کە سەرجەم ئەو دیاردانە لەتەواوی قەزاکەدا بوونیان هەیە قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر وتی: گرفتەکانی زەویو زارو زێدەڕۆیی و تاپۆنەکردنی خانوو دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی کەلەکاتی دەرکردنی ڕێنماییەکدا تەنانەت ناگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی ڕای بەڕێوەبەرایەتیە پێوەندارەکەی خۆشی تاوەکو لەکێشەو گرفتەکان تێبگات و دواتر بڕیار بدات و بڕیاری سەرتاسەری لەزاخۆ تا کفری نەدات. سەبارەت بەتاپۆکردنی خانووەکانیش تا ئێستا بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەم گرفتەمان لەخانوو ئەو ڕووبەرە زەوییانەش هەیە کە دابەشکراوە، هەربۆیە ژمارەیەکی زۆری زەوی دابەشکراوە و هەندێکی کراونەتە خانووش کەچی تاپۆیان نییە، رەنگە ٢٠بۆ ٣٠ هەزار زەوی بێ تاپۆ لەسنووری بنەسڵاوە هەبێت، تەنانەت خەڵکی جوتیار هەیە زەوی وەکو قەرەبووی زەوی خۆی پێدراوەو خانووی لەسەر کردووە تا ئێستا ئەوانیش تاپۆ نەکراون، نەبوونی تاپۆ زیانێکی زۆری بەو هاووڵاتیانە گەیاندووە کە زەوییان هەیەو نەیانتوانیوە لە پێشینەی خانووبەرە سوودمەند بن.

ئەمەو لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەزێدەڕۆیی لەسەر زەوی حکومی و کشتوکاڵی حوسێن کەلاری وتی: نەمانتوانیوە بەپێی پێویست یاسا بچەسپێنین هەربۆیە تا ئێستا دیاردەی زێدەڕۆیی و داگیرکردنی زەوی کشتوکاڵی هەر ماوە، ئەمە گرفتێکە لەهەموو شوێنێك لەکوردستان رەنگی داوەتەوە کە زۆربەی جار کێشەی کۆمەڵایەتیشی لێکەوتۆتەوە، تەنانەت زۆربەی جار هەموو زۆنگەکان و بەرزایی و زەوی کشتوکاڵی و زەوی بەردەڵان و پارچەپارچە دەکرێن و دەفرۆشرێن کە زۆربەی جار کەسانێکی بەرپرس لەپشت ئەم دیاردەیەوەیەو کاتێك ئیجرائات لەگەڵ سەرپێچیکاران دەکرێت، حزبێکی تر دێت و دەیقۆزێتەوەو دەست لەکاروبارەکان وەردەدات، لەم ڕۆژانەدا مەفرەزەمان ناردووە سێ بیلدۆزەرمان دۆزیوەتەوە کەسەرقاڵی تەختکردن و ئامادەکردنی زەویی بوون تاوەکو زەوییە حکومیەکە پارچەپارچە بکرێت و بفرۆشرێت.

### گرفتی ئاویخواردنەوەو ئاوەڕۆ

سەبارەت بەگرفتی ئاویخواردنەوەو نەبوونی ئاوەڕۆ قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر وتی : لەبەرنامەدایە پرۆژەیەکی تری ئاویخواردنەوە بۆ ناوچەکەمان دروست بکرێت تاوەکو رزگارمان بێت لەپشت بەستن بەئاوی ژێر زەوی کە لەساڵی ٢٠٠٢ تەنیا ١٤ بیری ئاویخواردنەوەمان هەبوو ئێستا زیاتر لە ٥٠ بیرمان هەیە، هەربۆیە لەبواری ئاویخواردنەوە زۆر پێویستمان بەو پڕۆژەیە هەیە داواکاریشین لە وەزارەتی شارەوانی عەداد بۆ ئاوەکان دابنێت تاوەکو کۆنترۆڵی بەفیڕۆدانی ئاویخواردنەوە بکەین. لەلایەکی تریشەوە سەبارەت بە ئاوەڕۆ لە ٢٠١١ ەوە دەستمان کردووە بەدانانی پڕۆژەکانی ئاوەڕۆ و لەمساڵیشدا لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا پڕۆژەکانمان پێکەوە داناوە واتا پڕۆژەی ئاوو ئاوەڕۆ و دواتر قیرتاوکردنی شەقامەکە ئەنجام دەدەین. هەروەها پارکێکی گەورەش بەناوی پارکی هاوار لەسەر ڕووبەری نزیکەی ٢٠٠ دۆنم لەژێر جێبەجێکردندایە کە دەکەوێتە دەروازەی بنەسڵاوەوە لە ساڵی ٢٠١٣ تەواو دەبێت. ئەمڕۆش لەیادی لەدایکبوونی بارزانی دا(١٤ی ئادار) لەسنووری دەشتی هەولێرو دەوروبەری هەولێر هەڵمەتی چاندنی ١ملیۆن درەخت بەڕێوەچوو .

**ئەو هەموو پڕۆژەی نیشتەجێبوونە لەسنوورماندا هەیە کەچی قوتابخانەیەك لەلایەن ئەو وەبەرهێنەرانەوە دروست نەکراوە**

### پڕۆژەکانی ئاودێری فەرامۆشکراوە

سەبارەت بە نەبوونی پڕۆژەکانی ئاودێریش قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر وتی: لەسنوورەکەماندا پڕۆژەی ئاودێریمان نییە و وەزارەتی کشتوکاڵ داوایکردووە پڕۆژەیەکی ئاودێری دروست بکەن لەو ناوچەیەی بەباشی دەزانین و پێویستە، هەروەها داوامانکردووە چەند بەربەستێکی بچووك بۆ گلدانەوەی ئاوی باران دروست بکەن بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەبووە.

لەکۆتاییدا قایمقامی دەشتی هەولێر وتی: هەرچەندە لەبواری بینایەی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانمان کەموکورتی یەکجار زۆرمان هەیە، بەڵام کە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر هاتووە بەهیچ شێوەیەك بۆ بینایەمان تەرخان نەکردووە، وا بەپێویستمان زانیوە بۆ ڕاکێشان و جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی هاووڵاتیان تەرخانی بکەین.

